هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالّی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٠٤

# پێرست:


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨) خولی گواستنەوە –سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٩/ ٢٠٠٤/١٢ ل ٥٣٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ١٥/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٥٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ١٦/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٨٨

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٧/ ٢٠٠٥/٤ ل ٥٩٠

**بەڕێز شەفیقە فقێ عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر ڕێز و سوپاسم بۆ ئەو برایانەی کە ئەوەندە باسی خۆشەویستی دایك ئەکەن، دایك چەند وەسفی بکەین ناگەینە ئەوەی کە هەقی خۆیەتی، بەلأم ئێمە وتمان دایك زۆر گرنگە بۆیە دەوترێت (الجنە تحت اقدام الامهات) و هەروەها (حب الوطن من الایمان) لە خۆشەویستی نیشتمانیشەوە ئیمانمان تەواو دەبێت، ئەمە هەردووکیانە هەم دایکە و هەم نیشتمانەکەمان کە چەند خوێنمان بۆی ڕشتووە، ئەو پەرچەمە جوانەش کە ئەشەکێتەوە ئەوەش سارێژکەری برینەکانمانە، بە ڕاستی من تەمەناش دەکەم کە ئەو ئاڵا پیرۆزەمانە لە هەموو دنیادا شەکاوە بێت، سێبەری سەرمانە و سارێژکەری برینەکانمانە و پەرچەم بێت لەسەر سەری هەمووومان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، باشە پرۆژەکە (پرۆژەی یاسای ڕۆژی دایکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە ١٢/١٧ ڕۆژی ئاڵای کوردستان بکرێت بە جەژنی دایکانی کوردستان) داوا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە... سوپاس... ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەست بەرز کەنەوە... تەنها یەك ئەندام پەسەندی ناکات، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. هەر چەندە دەنگی لەسەر درا، بەلأم ئەبوایە ڕۆژی ئاڵا ڕۆژی ئاڵا بوایە و ڕۆژی دایکانیش ڕۆژی دایکان بوایە، پرۆژەی یاسای تایبەت بە بەگەنکردنی (اختیار)ئەوانەی داوای ئیجازەی شوفێری دەکەن. تکایە پرۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

باسم الشعب

**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**رقم الإصدار:**

**تاريخ الإصدار:**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه وزير الداخلية و وافق عليه مجلس الوزراء، وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان– العراق بجلسته المرقمة( )والمنعقدة بتاريخ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم( ١٠ )لسنة ١٩٩٧قررنا إصدار القانون الآتي:

**قانون رقم ( ) لسنه ٢٠٠٤**

**المادة الأولى:**

١– ايقاف العمل بالمادة(٣) الفقرة(و) من قانون المرور رقم(٤٨) لسنة ١٩٧١– المعدل– لمدة سنة واحدة فقط.

٢- يجري اختبار الاشخاص المتقدمين للحصول على اجازات السوق شفهيا وفقا للتعليمات الخاصة بالاختبار بعد اجتيازهم دورة خاصة بقواعد السير والتشريعات المرورية النافذة لمدة لاتقل عن اسبوعين في مديريات مرور الاقليم.

**المادة الثانية:**

لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

يعمل باحكام هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوری شاویس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق

**الاسباب الموجبة**

بالنظر لحرمان عدد كبير من المواطنين في الاقليم من نعمة التعليم(القراءة و الكتابة) بسبب الظروف الاستثنائية التي مرت منذ عدة عقود بسبب مشاركتهم في الحركة التحررية الكوردية ونزوحهم الى خارج الوطن ولعدم شمولهم بدورات محو الامية لحد الان، وحيث انهم يجيدون قيادة المركبات وبغية افساح المجال امامهم للحصول على اجازات السوق اصدرنا هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز ئەحمەد شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان بە تێکڕای دەنگ پەسندی پرۆژەی یاسای تەعدیل کردنی کارکردن بە مادە (٣) فقرە (و) لە یاسای هاتووچۆوی ژمارە (٤٨) ساڵی ١٩٧١ هەموار کراو ناکات و، بە پەسندی نازانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی دەبینێت کو خوێندەواری بو سایقی چشتەکی زۆر پێتڤییە و خاسەتەن دەرگەهێ خوێندنێ و نڤیسینێ وەزارەتی پەروەردە ل هەرێما کوردستانێ ڤەکرییە بو هەمی نەخوێندەوارا، ژ بەر هەندێ ئەم ب چاك نابینین کو ئەڤ

شەرتە بێتە ڕاگرتن، کو بۆ فێربوونا خوێندنێ و نەڤیسینێ بچێت داخلی دەورەکی سێ یان شەش هەیڤ بیت ئەڤ دەورەین کو ویزارەتا پەروەردێ ڤەکەتن پشتی هەنگێ تەقدیما ئیجازە بکەتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك سعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (و) لە مادەی(٣) لە یاسای ژمارە (٤٨) ساڵی ١٩٧١دا دەڵێت: شۆفێر دەبێت خوێندن و نووسین بزانێت، کەواتە مەرج نییە بڕوانامەی شەشی سەرەتایی هەبێت کە ئەمەش ئەزعەف الایمانە لە ئاستی خوێندەواریدا، شۆفێر دەبێت کوێر نەبێت، چونکە نەخوێندەواری واتە کوێر، چۆن پزیشك گیانی هاووڵاتیانی لە بن دەستدایە، هەروەها شۆفێریش گیانی هاووڵاتیانی لە بن دەستدایە، لە زۆربەی شقام و چوارریانەکان تابلۆ و ڕێنمایی هەڵواسراوە و بە نووسین تیادا دیاری کراوە کەوا کام لا بۆ سەنتەری شار و بۆ ڕاست و چەپ و یا بۆ نەخۆشخانە و یا بۆ یاریگا دەڕوات ، شۆفێری نەخوێندەوار چۆن تێی دەگات؟ و چۆن سەر لە خۆی و شۆفێرەکانی تر ناشێوێنێت؟ چۆن لە شەڕ و گێچەڵی ئەو جۆرە شۆفێرانە هاووڵاتی ڕزگاری دەبێت؟ چەند نموونەیەك دێنم لە هێماکانی هاتوو چۆدا کە ئەگەر شۆفێر خوێندەواری نەبێت ئەوە حەتمەن هاتووچۆ دەشێوێنێت و هاووڵاتیان و شۆفێرەکانیش تووشی زیان دەکات، ئەم هێمایانەش وەك ( أقصى حمولة ١٠ أطنان) واتە پردەکە تەحەمولی زیاتر لە ١٠ تەن ناکات، یان (أقصى سرعة ٦٠-٧٠ کیلو متر) واتە نابێت لە سورعەتە زیاتر بڕوات، یان دەڵێت (اقصى ارتفاع ٤متر) یان (اقصى عرض ٢متر) لەم جۆر ئیشاراتانە ٢٤ جۆر هەیە و ٢٥ جۆری تریش هەیە کە هەمووی هی هۆشیار کردنەوە و ئاگادارییە و، ئەم هێمایانە ئەرقام و نووسینی تیادایە، ئەی چۆن شۆفێری نەخوێندەوار تووشی کارەسات وزەرەر و زیان نابێت، وابزانم گوناهەکە هی ئەو جۆرە شۆفێرانە نابێت و ئێمەی موشەریعیش لەو گوناهانە بەشدار دەبین، ئەگەر بێت و لە ئەم یاسایانەدا مەجال بدەین، نابێت حیساب بۆ چەند کەسێك بکەین کەوا مەجالیان بۆ نەرەخساوە فێرە خوێندن بن هەروەکو لە دیباجەکەدا هاتووە، ئەگەر ئەو کەسانە مەقسەدیان فێرە خوێندن بن ئەوە ئەگەر ڕۆژی تەنها یەك سەعات بچووبانایەتە دەورەیەکی موکافەحەی ئومییە لە ماوەی ساڵێك بایی ئەوەندە فێر دەبوون کە لەو یاسایی داوای کردووە قورتار بن، لە ڕاستیدا کورد ١٣ ساڵە حوکمی خۆی دەکات و نیو ملیۆن قوتابیمان هەیە و بەدەیان کەس لە خاریجەوە هاتن هەموو لە کولیە و زانکۆ و جۆرەها پلە بوون و ئێستا گەڕانەوە سەر جێگای خۆیان، باشە بۆ ئەوان بۆ زرووف ڕەخساوە کە مەکتەب و کولیە تەواو کەن و بۆ ئەو چەند کەسە نەرەخساوو بووە، مع العلم کات بۆ هەمووان هەر وەك یەکە، لە ڕاستیدا نابێت ئێمە یاساو بۆ ئەو جۆرە کەسانە بدۆزینەوە ، چونکە مەسلەحەی عامە لە پاراستنی ماڵ وگیانی هاووڵاتیاندایە و نەك تەئمین کردنی ئیجازە بۆ چەند کەسێك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسایی هەرچەندە من خۆشم ئەندامم لە لیژنەی یاسایی، بەڵام لەبەر مەشغەلەت بەشدار نەبووم لە کۆبوونەوەیەدا، من لەگەڵ ئەو ڕایە نیم کە بڕیاریان لەسەر داوە، لە ڕاستیدا ئێستا شۆفێرێکی زۆرمان هەیە کە نەخوێندەوارن و ئیجازەشیان هەیە، بەڵام بۆ حەلی ئەو موشکیلەیە و بۆ ئەوەی هەل بڕەخسێت بۆ ئەوانەی نەیان توانیوە لەبەر زروفی سیاسی فێری خوێندەواری بن و مەحروم بوونە لێی، جیهاتی موعەیەن هەبێت و جیهاتی سیاسی هەبێت تەئیدی ئەوانە بکات کە ئەوانە پێشمەرگە بوونە و نەیان توانیوە فێری خوێندەواری بن و، ئەوە بۆیان ببێتە بەڵگەیەك و عەفوو بکرێن لەم یاسایە ئەویش مەرجی بۆ دابنرێ کە ماوەی ساڵێك، یان ٣١-١٢- ٢٠٠٤ یا تۆزێك درێژتر بکرێتەوە، بە پێی ئەو وەزعەی کە وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێت بیکات، ڕاستە خوێندەواری زەروریە، بەڵام وەزعەکەی ئێمە نالەبار بووە و میللەتەکەمان تووشی ناهەمواریيەکی زۆر بوونە، بەڵام لایەنەکان و دەزگاکان ئەتوانن تەئیدی بکەن کەوا ئەوە پێشمەرگە بووە و عەفوی بکەن لەم یاسایە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە بتوانن ئیجازە وەرگرن و ئیستیفادە بکەن وەکو خەڵکانی تر و مەغدور نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز کمال ابراهیم فرج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕایەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، چونکە خۆی واریدە ئەو برادەرانەی کە خوێنەوارییان نەبوو ئەیانتوانی لەو ماوە کەمەدا فێری خوێندەواری بن و بچن ڕێنمایەکانی مروریش وەربگرن و، وتەیەکی شایعیش هەیە لەناو کوردەوارییماندا کە دەڵێت: گرنگ نییە تۆ سایقی باش بیت، گرنگ ئەوەیە کە بەرامبەرەکەت سایقێکی باش بێت، چونکە ئەگەر تۆ سایقی باش بیت و بەرامبەرەکەت سایق نەبێت ئەوە تووشی کێشەت دەکات، جا بۆیە من پشتگیری لە ڕایەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم و، کاکەڕەش فەرمووی کە ڕێگە بدرێت لە پێشمەرگە، ئێمە ئەزانین زۆر کەس هەیە پێشمەرگە نەبووە و حیسابی پێشمەرگەی بۆ کراوە و زۆر شتی گەورەشی بۆ کراوە، هەر لەوانەیە لە خەندەقەکانی بەرامبەر پێشمەرگە وەستابێت، جا ئەوە بۆی ناکرێت تەئیدێك بێنێت و بڵێت پێشمەرگە بوومە؟ جا بۆیە من لەگەڵ کاکەڕەشدا نیم لەو ڕایە، سوپاس.

**بەڕێز فرحان عبدالله شرفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی کاکەڕەش دەکەم سەبارەت بەم یاسایە پێشمەرگە مەغدور دەبێت، من ئێستا لە دەرەوە بووم دوو پێشمەرگەم بینی کە وتیان و کتابەکانیان لەلای منە مەنعیان دەکەن لەبەر ئەوەی خوێندەوارییان نییە، ئێمە حەز ناکەین پێشمەرگە مەغدور بێت، با ئەو قرارە دەربچێت لەبەر خاتری پێشمەرگە، چونکە خەباتیان هەیە، هەزاران کەس هەیە خوێندەوارییان نییە و ئیجازەشیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حمه علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی ئەو پرۆژەیە لە جێگای خۆیەتی و مەدەشی بۆ داناوە و، ئەو یاسای ژمارە (١٨) ساڵی ١٩٧١ بۆ ماوەی ساڵێك راگرتووە، واتە پاش ساڵێك ئیتر ئەتوانن موعامەلەی لەگەڵ بکەن بەوەی کە خوێندەواری نییە، بەڵام بە راستی ئێمە وەفاداریمان بۆ ئەو پێشمەرگە خۆڕاگرانە چییە کە لە دیباجەکەدا هاتووە کە نەیتوانییوە بخوێنێت و ئێستاش ناتوانێت بخوێنێت، با ئەوانە جیا بکرێنەوە و ئیجازەیان پێ بدرێت، بەڵام ئێستا ئەوی تر کە هەیە ئیعتیادییە و خوێندەواری هەیە و ئیجازەی ئەدرێتێ، بەڵام ئەوانەی تر کە تایبەت بوون و پێشمەرگە بوونە و نەخوێندەوارن پرۆژە و مەجموعەیەکی کەمن هەق وایە پرۆژەکە بڕوێنن و لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئوڤ یاسایە ب خوراتی نەهاتییە مەعنای وی ئەوەیە کو ئەنجومەن وەزیران دیراسەت کردیە و ئەڤ حالەتە پێویستییە، یا دوویێ ژی رێکوپێکە و شروت دانایە، ئێك دەورت خاس بو ئەو کەسەی ڤی رەنگی بێت داخلی ڤی دەوری بێت، دوویێ سەقفەکی زەمەنی بوو دانایە ساڵێك و بەس، ب قەناعەتا من زوور رێکوپێکە و موحتاجە و خەلکەکی زوور مەحروم بوویە، بوو ئەڤ خەلکەی ل سەر شاخ و داخ بوویە و پێشمەرگە بوویە و مەحرووم ببن، دەورە بوو وان دیاری کرییە و بوو ساڵەکی، سوپاس.

**بەڕێز انور شکور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە تەنها برا پێشمەرگەکانمان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەنفالیشمان هەیە و، منداڵی ئەنفالیشمان هەیە تەنها کە ورد بوونە لە ژیان مەحروم بوونە و کە ورد بوونە سواڵ و ساقەیان لەم لاو ئەو لا کردووە و، نەیانخوێندووە ئێستا ئێمەش بێین و مەحرومیان کەین، کەواتە ئێمە چیمان کردووە بۆ ئەو میللەتە قوڕ بەسەرە کە چەندین ساڵە هەر تووشی موعانات بووە، هەروەها لێخورین بە خوێندن نییە، خەڵکانێك هەن میکانیك و سایقن و زۆر زیرەکن و لەو کەسانەش زۆر زیرەك ترن کە شەهادەیان هەیە، بۆیە من پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك د. ناصح فەرمووو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەم پرۆژەیە دوای دیراسەت کردنێکی قوڵ هاتووە و، لە جێی خۆیەتی و، سەبارەت بەو کەسانەی کە نەخوێندەوارن ئەوە هۆیەکەشی لە ئەسبابی موجەبەدا باس کراوە و، ئەوانەش ئەو کەسانەن کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی رزگاری کوردەوە هەیە و، یان بە هۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە ناچار بوونە وڵات بە جێ بێڵن و دوور کەونەوە لە خوێندن و ئەو بوارەیان پاشان بۆ نەرەخساوە، هەروەها لە خاڵی دووەمی مادەکەدا هاتووە دەڵێت: پاش ئەوەی کە ئیمتیحان ئەکرێن دەورەیەکی تایبەتییان بۆ ئەکرێتەوە بۆ ماوەی دوو حەفتە، واتە هەموو ئەو ئیشاراتانەی کە باس ئەکرێن، لەگەڵ رێزمدا بۆ کاك

سەعید، ئەوەی کاک سەعید باسی کرد خیلافە لەگەڵ حەقیقەتدا، بە پێچەوانەوە ئەو ئیشاراتانە تەقریبەن هەموو سایقێك ئەو هێمایانە دەناسێت و دەیشیزانێت، تەنها بە نووسین نییە و، ئەو کەسانەیش کە کاک کمال شاڵیش باسی کردن، ئەوانە زوونر فریا کەوتن، ئەوانە هەر لە زەمانی رژێمەوە ئیجازەیان بۆ خۆیان وەرگرتووە، جا ئەمە ئەو کەسانە ناگرێتەوە، ئەمە پەیوەستە راستەوخۆ بەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە هەبووە و بە هۆی پێشمەرگایەتییەوە، یان بە هۆی شۆرشەوە نەیان توانیوە ئیجازە وەرگرن، بۆیە من پشتگیری پرۆژەکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سەعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو هەولێردا ئێمە چەند گەرەکێکمان هەیە بە ناوی بەلاش ئاوا و گوێ مەدێ کە کاتی خۆی تەجاوز بوون، ماوەیەکی بەسەر چوو ئێستا مەجبور بوون موعالەجەیان کرد و، ئەو ناقانوونیە بکەن بە قانوونی موقابیلی ئەوەی کە شتێك بدەن، هەمان شتیش سەبارەت بە ئیجازەی سیاقە، ئێستا سەدان کەس هەیە لەم هەولێرە سایقە و نەخوێندەواریشە، من سایقێك دەناسم کە دەیان ساڵە لە دەرەوەی شار سایقی دەکات و خوێندەواریشی نییە، بەڵام مەوزوعی عینادی کردن بۆ فێر نەبوون نازانم بۆ دەبەستنەوە بە پێشمەرگە و بە نیشتمان پەروەری، ئەو موستەلەحاتانە پێویست ناکات، ئێمە حاڵەتێکمان هەیە دەمانەوێت ئەو حاڵەتە چارەسەر کەین، دوو حەفتەیان بۆ داناوەن بیکەن بە چوار حەفتە و، لەو ماوەیەدا دەوراتیان بۆ بکرێتەوە فێری ئەو هێمایانەی هاتووچۆیان بکەن، هەر وەکو کاک سەعید و لیژنەی یاسایی باسیان کرد ئەوانە زۆر یاسایین و لە هەموو دنیاشدا پیرەو دەکرێت و، دیاردەیەکی شارستانییە کە شۆفێر دەبێت خوێندەوار بێت، بەڵام ئەو زاهیرە نا تەبیعییە لە وڵاتێکی وەیران کراودا وەکو وڵاتی ئێمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ یەك مانگیان بۆ دانێن تاوەکو فێری ئەو هێمایانە دەبن، بەم شێوەیە چارەسەری مەسەلەکە دەکرێت و با نەیبەسینەوە بەوەی کە تێنەگەیشتن یەعنی پێشمەرگە، نەخێر پێشمەرگە تێ دەگات و ئەگەر تێنەگەیشتایە پێشمەرگایەتی نەدەکرد، مام رۆستەم لێرە بوایە دەیگوت ئەو کاتەی کە خۆم بە کوشت دەدا کەس نەیدەگوت خوێندەواریت هەیە یا نە، ئیجازەت هەیە یا نە، بەم جۆرە با موعالەجەی بکەین نەوەك ئەوەی دژ بێت نا نیشتیمانییە و ئەوەی لەگەڵ بێت نیشتیمانییە، موخالەفەیەکی قانونی بە عاتیفە مەعالەجە ناکرێت و، شتێکی واقعی ئەوەیە کە پێشنیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ پەسند بکەین، بە مەرجێك لە ماوەی مانگێکدا لە مەحوی ئومییە، یان لە هەر دەورەیەکی تردا فێری ئەو هێمایانە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز کریم شنگاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتێك کە ئەم پێشنیارەمان پێشکەش کرد لەبەر ئەوە بوو کەوتینە ژێر فشارێکی زۆر و، موراجعێکی زۆرمان هەبوو کە داوای ئیجازەیان دەکرد و نەخوێندەوارن، رۆژانە ئێمە دەیان کەس لەوانە دەگرین و غەرامەیان دەکەین، بەڵام بۆ رۆژی پاشتر دیسانەوە سەیارە لێ دەخورن بەبێ ئیجازە، ئێمە لەژێر

زەختی عەمەلی رۆژانەمان ناچار بووین ئەم پرۆژەیە پێشنیار بکەین و، بۆیە ماوەی ساڵکمان دانا بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە تەواو بێت، خەڵکێك هاتووە و موراجەعەی ئێمەی کردووە و داوای کردووە کە ئیجازەکەی بۆ بگۆڕین و ئیجازەکەی لە ئەمریکا وەرگرتووە و نەخوێندەوارە و، هاتووە لێرە ئێمە بۆیمان نەگۆڕیوە، چونکە نەخوێندەوارە، بەلاّم ئەو لە ئەمریکا وەریگرتووە، ئەمە یەك، دووەم ئێمە ئەو ئەسبابی موجەبەی کە هەیە و برادەرانیش زۆر باسیان کرد ناچمە سەر ئەوە، برادەران باسی موخالەفەیان کرد، موخالەفە لەسەر تەبیعەتی ئینسان وەستاوە، لەسەر خوێندەواری و نەخوێندەواری نەوەستاوە، رۆژانە پۆلیس کەسانی خاوەن شەهادە و پزیشك و موهەندیس و مامۆستا لەسەر موخالەفە دەگرێت و، زۆر کەسیش هەیە کە ئاستی خوێندەواریشی کەمە، بەلاّم بە هێماکانی هاتووچۆ و موخالەفە نەکردنەوە مولتەزمە و موخالەفە ناکات، ئێستا ئەگەر بچین بۆ سناعەی هەولێر تەماشا بکەین باشترین فیتەری هەولێر و باشترین فیتەری و عێراق نەخوێندەوارن، ئێمە بۆیە ئەم پرۆژەیەمانە پێشکەش کرد بۆ ئەوەی حەلێکی جەزری بۆ دانێین و پاش ئەو ماوەیەی کە دیاریمان کردووە قانونەکە دەگەڕێتەوە وەکو خۆی و تەتبیق دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەبەر ئەوەی پەرلەمان ئیشەکانی هەمووی یاساییە و لیژنەی یاسایش ئەم پرۆژەیەی رەت کردووەتەوە و، ئەمە واقیعە و لەلایەکی تر موشکیلەکە هەیە و ئەبێت چارەسەر بکرێت، بەڕێز وەزیری ناوخۆ، ساڵەکەی ئیقتراح ئەوەیە دوو خاڵ ئەبێ بگۆڕین، دەبێ لیژنەی یاسا رازی بکەین، یەکەمیان ساڵەکە بکەین بە شەش مانگ و دووەمیان دوو هەفتەکەش بکەین بە چوار هەفتە، چوار هەفتە بۆ شەش مانگ ئەوەی بگۆڕین و ئەیخەینە تەصویتەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارە پەسند دەکەن کە دوو هەفتەکە بکرێ بە چوار هەفتە و ساڵەکەش بکرێ بە شەش مانگ دەستیان بەرزبکەنەوە؟ سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

بەڕێزان بەراستی رێزو تەقدیر بۆ هەموو لایەکتان کە تەحەمولی گەرماتان کرد و ئیشێکی زۆرتان کرد کە مەوازیعی زۆر گرنگ کە پێویستی بە بڕیار هەبوو بەتایبەتی بۆ یاریدەدانی ئیدارەی هەولێر، لێرە من تەقدیر و سوپاسی بەتایبەتی برادەرانی کوتلەی سەوز دەکەم و هەروەها برادەرانی کوتلەی پارتی و برادەرانی تریش کە ئامادە بوون کە ئینجازێکی باشتان کرد و هاوکارییەکی باشتان کرد، بەراستی لە نێوان یەکتردا بەراستی جێگەی تەقدیرە، سێ خاڵمان ماوە ئەو سێ خاڵە ناتوانین تەواوی بکەین و لیژنەی یاسایی رای تەواوی خۆی تیا نەداوە و ئەو سێ خاڵەش بە ئیلحاحی خاڵەکانی پێشوو نین بە راستی، بۆیە لێرەدا کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین و رزگارتان دەکەین لەو گەرمایەو لەو ئیشە، زۆر سوپاستان دەکەم.

| | |
|---|---|
| **کاکە رەش نەقشبەندی** | **د. رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری کاتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی- عێراق** | **کوردستانی - عێراق** |